واشنتۆن:مقاومەی عێراقی لە پشت هێرشەکەی سەر ئوردنە



وتەبێژی ئینجومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا رایگەیاند، گومانیان هەیە ئەو هێرشی کرایە سەر هێزکانیان لە ئوردن لەلایەن "مقاومة"ی عێراقییەوە پلانی بۆ دانرابێت، راگەیەنراوی حزبوڵای عێراقیش لەبارەی راگرتنی هێرشکانیان رەتدەکەنەوە و دەڵێت، "ئەو گروپە چەکدارانە متمانەیان پێناکرێت."

جێن کەربی وتەبێژی ئینجومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا لە کۆشکی سپی رایگەیاند، پێیان وایە ئەو هێرشی کرایە سەر هێزە ئەمریکییەکان لە سنوری نێوان ئوردن و سوریا لەلایەن "مقاومة"ی عێراقەوە پلانی بۆ دانرابێت و کەرەستەی جەنگی بۆ دابینکرابێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، حزبوڵای عێراقیش یەکێک لە ئەندامانی تەی "مقاومة"ی عێراقی، جگە بایدنی سەرکۆماری ئەمریکاش لەبارەی هێرشەکەوە پێی وتوە، پێویستە بە ڕێگایەکی گونجاو وەڵامی ئەو هێرشە بدەنەوە. ئەوەشی خستەڕو، سەرکایەتی ئەمریکا بەردەوام لە توڕێنەوەکردن لەبارەی بژاردەکانی تەکردنەوەی ئەو هێرشە، تەکردنەوەکانیشیان تەنها بە یەکجار نابێت.

جەن کەربی باسی لەوشکرد، راگەیەنراوی راگرتنی هەرشەکان لەلایەن حزبوەای عیراقەوە رێت دەکانەوە، چونکە ناکرێت وتەی ئەو گروپە چەکدارانە جدییانە وەربگیرێت، هەروەها ئەوان تاکە لایەن نیبون کە هەرشیان کردونەتە سەر هێزە ئەمریکییەکان.